# وەڵامی فای؟؟!!

کەیوان سەعید
Kaiwan9@yahoo.com



ئەگەر لە عارەبان چیەك رادییۆیەك بکڕی و پێی بڵێی زەمان چیە رادیۆیەکەت  ئیش دەکات؟؟ ئەوا دەڵێ ئەگەر ئیشی نەکرد بیهێنەوە, تۆش دەڵێی تۆش دەڵی جارێکیان وام کرد بەلاّم کاتێك گەڕامەوە عارەبانەکە لەوێ نەمابوو.!!

ئەگەر لە مۆزەفێکی وەزارەتی تەربیەش بپرسی ئەگەر ئیعترازم هەبێ لەو دەرەجەیەی هێناومە وەلاّمێکی دەبێ ؟ دەڵێ برۆ ئیعراز بگرە دەرگا والآیە دلنیابە دەگاتە شوێنی خۆی. تۆش دەڵێ ئاخر پار ئاگام لێ بوو بیست کەس ولە هاوڕێکانم ئعرازیان گرت بەلاّم هیچیان وەلاّمیان نەدرایەوە.!!

ئەگەر لە رۆژنامەیەی سەربەخۆش بپرسین ئەوەی کە کۆمەڵێ گەنجی سەربەخۆ دەری دەکەن, بلێ زەمان چیە کە رۆژنامەکەتان  سەر بەخۆیە؟ دەڵێ بابە ئەوەتا لەسەری نوسراوە مەگەر چاوت نایبینیێ؟. تۆش دەڵێ نا هیچ ناڵێ تەنها ملێك بادەدەی.!!

ئەگەر لە مەسئولێکی لای خۆشمان بپرسی و بڵێ ئەرێ توخوا عەریزەکەم کەی دەگاتە شوێنی خۆی؟ دەڵێ برۆ چاوەڕێی بکە دڵنیابە دەگاتە شوێنی خۆی. تۆش دەڵێ ئاخر چی بکەم بەخوا ئەوە چوارەم عەریزەمە دەینوسم!!

ئەگەر لە جامانە رەش و جامانە سپیەکانی بەغداد بپرسین ئەرێ برا کەرکوك کەی دێتەوە ئەوبەر مەحسەدمان کوردستانە؟ ئەوانیش باجارێ تۆزی بەهێز ببینەوە تاساڵی2007 خوا گەورەیە. تۆش دەڵێ چی بکەم بە خوا برا دەستم سوتاوە ئەوە دوسێ ڕێکەوتنە  قۆڵم دەبڕن, دەوجا وەرە لە ناو ئەو نێوەندە بێ زەمانەدا خلیسکانێ بکە و سەر و گوێی عەقڵ و هۆش و ورەت نەشکێ!!!!!؟؟؟؟؟؟؟